# پاش هەڵبژاردنەکانی عێراق

نووسینی : بارت گریفیون
وەرگێرانی:  ئاسۆ شابان
٤ / ٢ / ٢٠٠٥
a_shaban1@hotmail.com

**تێبینی** :
ئەم نووسراوە لە لایەن بەڕێز ( بارت گریفیون ) لە ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەنداوە نووسراوەو لە ژمارە ( ١٦٨ ) ی مانگی ( ٢ ) ی ( ٢٠٠٥ ) ی سۆسیالیزمدا بڵاوکراوەتەوە ، لە لایەن هەمان ڕێکخراوەوە هەڵوێستی خۆیان پێش هەڵبژاردن دەربریوەو لە ڕۆژی ( ٢٠٠٥/١/٢١) لە مەڵپەری دەنگەکاندا لە ژێر ناونیشانی ( هەڵبژاردن لە ژێر سایەی داگیرکەراندا نمایشێکی درۆ ئامێزە ) لە نووسینی بەڕێز ( پیتەر ستۆرم ) بڵاوکراوەتەوە .

بۆش ، بەشێوەی جوان بێژێکی بێ مانا باسی لە هەڵبژاردنەکانی عێراق کردوو ئەم هەڵبژاردنەی بەشێوەك خەملاند کە ئێمە دەبێت بڕوامان پێی هەبێتو دەرئەنجامێکی دوابڕیارە.
تا ئێستا زیندانی کردنی ( سەدام حسین ) وەك خۆی ماوەتەوەو لە ژێر پاراستنێکی مسۆگەری ئەمەریکیەکاندایە ، لە مانگی ( ٦ ) ی ( ٢٠٠٤ ) دا ، هەموو هەوڵێك لە لایەن عێراقیەکانەوە بۆ دادگایی کردنی بێ هوودە دەرچوو ، چوونکە هەموو هێزو دەسەڵاتو توانایەك تا ئێستاش هەر لە دەست ئەمەریکیەکاندایە .
جگە لەو هێرشە خوێناویانەی داگیرکەران کردیانە سەر نەجەفو فەلوجە ، هێشتا دژایەتی کردنی بۆش هەر بەردەوامە ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەش بە بەشی ئەم دژایەتیە خۆدەگرێتو گەشە دەکات ، کەواتە بۆچی دەبێت ئەم دژایەتیە پاش ( ٣٠ ) ی یەنیوەریش بەردەوام بێت ؟! .
ئەو گۆڕانکاریەی کە بۆش دەیەوێت بۆمان شیکاتەوە ئەوەیە ، کە لەلایەن هەندێ عێراقی بووکە سەماکەرەی وەك ( علاوی ) یەوە کە خۆی لە پێناو سەپاندنی سیاسەتی ئەمەریکادا هەڵبیژاردوە ، سەرکەوتنێکمان پیشان بدات ، بەڵام ئەمە تەنها نمایشێکی درۆ ئامێزە .
ئەو هەڵبژاردنەی کە ڕوویدا ، لە نێو ئاژاوەو نائارامیەکدا کە ئەو وولاتەی گرتبۆوە ، بەشدارنەبونی زۆرێك لە خەڵکی عێراق لەو هەڵبژاردنەدا ، ئەنجامەکەی تەنها دروست بوونی بەرەیەکی گواستنەوە دەبێت و دەبێتە گەردنێك بۆ ڕاگرتنی گەردن بەندی ئەمەریکا .
لە سەروو هەموو ئەو نائارامیەی کە لە عێراقدا هەیە ، چەندەها پاڵێوراو کە خۆیان ناونووس کردوە کە لە ژماردن نایەن و بە شێوەیەکی ناڕۆشن و بەبێ ئەوەی لەلایەن خەڵکیەوە  بۆ ئەو

پاڵاوتنە هەڵبژێردرابێتنو متمانەیان لە لایەن خەڵکیەوە هە بێت ، خۆیان ئامادە کردوە .
لەم هەڵبژاردنەدا نەك چەندەها عێراقی بایكۆتی هەڵبژاردنیان کردوە ، بەڵکو چەند ئەوەندش زیاتر نەیان توانیوە بەشدار بن .
ڕۆژنامە نووس ( ڕۆبەرت فیسك ) * دەڵێت : ( کەوا نیوەی ئەو ( ٢٦ ) ملیون عێراقیەی کە هەن لە نێوان سنووری چوار پارێزگادا دەژین ، کە ئەمەریکا بە شوێنە نائارامەکان دەست نیشانی کردووەو دەڵێت هەڵبژاردن تیایدا بە گرانی دەتوانرێت جێ بە جێ بکرێت ) .
( Rumsfeld ) لە بەرامبەر ئەم کێشەیەدا ووتی : ( تۆزێ دیموکراتیەت باشترە لەوەی کە نەبێت ) .

# قووڵترین کارەسات

لە پشت ئەو پەردە دووکەلاوییەی هەڵبژاردنەوە کارەساتێکی قووڵ خۆی حەشار داوە ، دوو ساڵ پاش داگیرکردن ، هیچ شتێك بۆ عێراقیەکان باش نەبووە ، بەڵکو زیاتر خراپتروو ئالۆزتری کردوە ، چەندە لە عێراقیەکان گیانیان لە دەست داوە کە لە سەرژمێری گشتیدا ناو نووس نەکراون ، لەم نێوەندەدا ئەوەی ڕۆشنە زیاد لە ( ١٠٠ ) هەزار عێراقی لە نێو چوون ، نزیکەی ( ٧٠% ) دانیشتوانی عێراق بێکار بوون ، خەڵکی ڕۆژانە بەشەڕ دێن لە پێناو دابینکردنی بڕێك لە ئاو یان کارەبا بۆ بەردەوام بوون بە ژیانیان ، لە کاتێکدا کە هیچ ئاسایشو ئارامیەك لە سەر شەقامەکان نابینرێت ، جگە لەو کارەساتە مرۆیانەی کە لە زیندانەکانی ( ئەبو غرێب ) دا ڕوودەداتو چەندەها خەڵکی ئاسایی بێ چەك وەك ئەو کارەساتەی لە مزگەوتێکی فەلوجەدا ڕوویدا ڕۆژانە گولە باران دەکرێن ، ئەم کارەساتانە بە شێوەیەکی کەمێ فەنتازیاوە دەکرێتو ( بۆش و بلێریش ) زوو زوو دەدەنە گوێی خەڵکی عێراقو پێیان دەڵێن ( ئێمە ئێوەمان لە دیکتاتۆرێك ڕزگار کرد ) .
( Hani lazim ) یەکێ لە کۆماریە عێراقیەکانە و دژی داگیرکردنە دەڵیت : ( هەموو شتێك وەك خۆی ماوەتەوە ، هەمان شێوە لە هێرشە بۆمبیەکانو هەمان شێوەش لە بەرەنگار بوونەوە ) .
بەرەنگار بوونەوە ڕوو لە زیاد بوونە ، ( سیستانی ) و شیعەکانیش لە ئەنجامدا بێ هیواو ئامانج دەمێننەوە و تووشی ڕاچەنن دەبن ، لە کاتێکدا ئەوان هەوڵیاندا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە گۆڕانکاریەك بەدەست بێنن ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی پەنابەرێتەوە بەر بەکارهێنانی چەكو هەموو وولات دژی ئەمەریکا یەك خەن ، ئەم تێگەیشتنە هەروا لە خۆوە لە هەواوە نەهاتووە ، بەڵکو ڕوداوەکان زۆر لەوە دەچێت کە ئەمە ڕوو بدات .
ئەگەری زیاتری ئەم سیناریۆیە گەر زیاتر پیشان بدەین ، چەندە زیاتر ( بۆش ) لە نێو زەلکاوی سیناریۆکەیدا لە عێراق ڕۆدەچیت ، سەرجەمی هەموو کوژراوو بریندار بووە سەختەکانی ئەمەریکا لەم شەڕەدا زیاد لە ( ١٠ ) هەزار ئەمەریکی دەبن .
هێزەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی زۆر گران لە شارەکاندا ڕێگەی پەیوەندی هێزەکانیان بۆ

دەپارێزرێت ، لە ئەنجامی ئەمەشدا نارەزایەتیەکی زۆر لە نێو هێزەکانی ئەمەریکادا هەیە لە سەر درێژە پێدانی مانەوەیان لە عێراق .
یەکێ لە فەرماندە باڵاکانی هێزی شەڕ ، ئاگاداری ئەوەی کردۆتەوە کە پەیوەندی خۆی و هێزەکەی و سەربازەکانیش لە نێوان خۆیاندا لە مەترسی پێکداданو هەڵوەشاندنەوەدایە ، لە هەمان کاتدا بەرەی نارەزایەتیەکانی خەڵك و خێزانی سەربازەکانیش لە ناوەوەی ئەمە ریکا لە زیاد بوونێکی بەرچاودایە .

# پێکدادانی شەڕێک

بەڵام قەیرانی ئیمپریالیزم زیاتر لە قووڵبوونەوەدایە ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گەرانەوە بۆ دواوە ، جێگرێکی هۆشمەندانەیە ، لایەنی کەم لەگەڵ پرۆگرامی پارێزگارانی کۆشکی سپیدا نایەتەوە .
ئەوان مانگێك لەمەوپێش داواکاریەکیان بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بڕی ( ٨٠ ) ملیارد دۆلار دابین بکەن بۆ مانەوەی ( ١٢٠ ) هەزار سەرباز لە هێزەکانیان تا ساڵی ( ٢٠٠٧ ) .
چلێسی داواکاریەکانیان هیچ کات نابێتە هۆی دروست بوونی شێوەیەك لە ئازادیو ئارامی ، بەڵام بەکارهێنانی کارتی خۆرهەڵاتی ناوەراست ، بۆ بەهێزکردنی کۆنترۆڵی سەرچاوە نەوتیەکانەو عێراقیش یەکەم هەنگاوە بۆ ئەم ئامانجە .
ئەو پلانانەی کە لە یەنیوەریدا ئاشکرا بوون ، دابین کردنی بڕێکی زۆرە لە پارە بۆ دروستکردنی سوپایەك ، ئەگەری هێرش کردن بۆ سەر ئێران ، ڕاماڵدنی پەردەیەك ، کە کێ دەیەوێت لەگەڵ ئەم ستراتیجیەتەی ( بۆش ) دا ڕێبکات و لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی ئەواندا (( قەرنە تازەکەی ئەمەریکا)) دا بێتەوە ، ئەوا ئەوان ئەو گۆڕەپانی شەڕەی ئەمەریکامان لە کەمبۆدیا بیردەخەنەوە ، هەر چۆن زۆر بەڕۆشنی ساڵانێکی دوورو درێژ شەڕی ڤێتنام درێژەی کێشا ، ئەمەش ئاگاداریەکە بۆ هاتنی ترسێك کە دەسەڵاتێکی جیهانی لەم دەربەندەدا ئامادەیە .
ئەوەی لێرەدا گرنگە بوونی بزووتنەوەیەکی جیهانی دژی سیاسەتی ( بۆش ) ە ، دژی کێش کردنی جەنگێکی هەمیشەییە بۆ نێو شەقامەکانمان .
ئەمەش هەمان شتە بۆ هۆڵەندا ، بانگەوازی کۆتایی هاتنی مانەوەی هێزە سەربازیەکانی هۆڵەندا لە عێراق ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێکەوتنە ژیرەکەی نێوان ( باڵکنەندە )* و ( بۆش ) کۆتای هات ، ڕاستەوخۆ دوای ئەم بانگەوازە ، پەرلەمانی هۆڵەندا بانگەوازی پەیمانی ناردنی هێزی سەربازی زیاتری بۆ ئەفغانستان بڵاوکردەوە ، بۆ ئەوەی هێزەکانی هۆڵەندا جێی هێزەکانی ئەمەریکا بگرنەوەو ئەوان تەواو ئازاد کات بۆ کارکردن لە عێراق .
باشترین خۆئامادەکردنی ئێمە لەم کاتەدا سازدانی خۆپیشاندانێکە لە ( ٢٢ / ٢ / ٢٠٠٥ ) دژی سەردانێکی ( بۆش ) و ( کۆندۆلیزا رایس )* بۆ برۆکسل ، لەگەڵ بەرزکردنەوەی داواکاریەکی جەماوەری لە سەرجەم ئەوروپادا لە هەمان شار لە ( ١٩ / ٣ / ٢٠٠٥ ) دا ، لەوێ دەبێت دەنگمان

زیاتر بڵند کەینو داوای کشانەوەی دەست بەجێی هەموو هێزەکان بکەین لە عێراق ، تەنها بەم شێوەیە عێراقیەکان دەتوانن دواتر دەست بە کاربن ، بۆ ئەوەی بڕیار لە سەر داهاتووی وولاتەکەیان بدەن .

==========================================================

+ ( Bart Griffioen ) نووسەری ئەم بابەتە .

+ ( http://www.internationalesocialisten.org/) لەم ئەدرێسەوە دەتوانی زیاتر کەڵك لەسەر ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست وەرگریت .

+ ( Robert Fisk ) ڕۆژنامەنووس .

+ ( Balkenende ) سەرۆك وەزیرانی ئێستای هۆڵەندا .

+ (Kondoleeza Rice) وەزیری دەرەوەی تازەی ئەمەریکا .

+ بە دڵنیاییەوە هەر وەك لە وەرگێڕانی پێشوشدا ئاماژەم بۆ کردوە ، مەبەست لە بەرە_ _نگار بوونەوە ، خەباتێکی ڕاستەقینەی خەڵکی عێراقە لە پێناو کۆلۆنیال نەکردنی عێراق لە لایەن داگیرکەرانەوەو ئازادیەکی ڕاستەقینەیە بۆ خەڵکی عێراق ، بێگوومان مەبەست لە هەندێ لایەنی کۆنەپەرستو شۆڤێنی نیە کە ئەمرۆ بە هۆی ئەو بارودۆخەی عێراقەوە هەندێ تێکەڵەی نارۆشن دروست بووە ، بە دڵنیاییەوە ئەوانە بەدەرن لەو خەباتەی ئەمان مەبەستیانە .